# پێکهاتەی مۆرفۆلۆژیای ( کۆ ) لە زمانی کوردیدا لە ڕوانگەی ( مۆرفۆلۆژیای سروشتیی - Natural Morphology )ەوە .

# البنية المورفولوجية (كو) باللغة الكردية من منظور (المورفولوجيا الطبيعية) - Natural Morphology

# Morphological structure (Ku) in the Kurdish language from the perspective of (Natural Morphology)

پ.ی.د.لیلی جلیل عباس
زانکۆی کەرکوک - کۆلێژی پەروەردە – بۆ زانستە مرۆڤایەتییەکان _- بەشی زمانی کوردی
dalyaa829@gmail.com

أ.م.د. ليلى جليل عباس
جامعة كركوك - كلية التربية للعلوم الإنسانية / - قسم اللغة الكوردية
dalyaa829@gmail.com

Asst. Prof. Dr. Lili Jalil Abbas
University of Kirkuk - College of Education for Human Sciences - Department of Kurdish Language
dalyaa829@gmail.com

**المستخلص**

تبحث هذه الدراسة في مورفولوجيا الجمع في اللغة الكوردية من منظور المورفولوجيا الطبيعية. تمتلك الكوردية أربعة مورفيمات متنافسة للجمع: -ان، -ەكان، -ات، و -گەل. باستخدام المبادئ الثلاثة الأساسية للمورفولوجيا الطبيعية — الشفافية، والتماثل، والأيقونية — تم تحليل كل مورفيم من خلال المصادر الكردية مثل حاجي مارف (١٩٧٩)، وآمدي (١٩٨٧)، ومحوي (٢٠١٠)، وسعيد (٢٠١٣)، وقاموس هەنبانە بۆرينە للهژار (١٩٩٠).

يُظهر التحليل أن ( -ەكان ) هو المورفيم الأكثر طبيعية . ومن المتوقع أن يصبح علامة الجمع المعرّف المهيمنة. يبقى مورفيم ( -ان ) قوياً لكنه يتخصص في الجمع غير المعرّف. أما المورفيم -ات فيستمر من خلال التخصص المعجمي في الكلمات التجارية والمقترضة. في المقابل يفشل ( -گەل ) في جميع المبادئ بسبب الغموض الدلالي وانخفاض الإنتاجية وهو في طريقه إلى الانقراض في الكوردية المحكية.

الكلمات المفتاحية : الشفافية، التماثل، الأيقونية، ( -ان، -ەكان، -ات، -گەل ) الإنتاجية، موت المورفيم .

Abstract :

This study investigates the plural morphology in Kurdish from the perspective of Natural Morphology. Kurdish possesses four competing plural morphemes: -an, -ekan, -at, and -gel. Using the three core principles of Natural Morphology — transparency, uniformity, and iconicity — each morpheme is analyzed through Kurdish sources such as Haji Marif (1979), Amidi (1987), Mahwi (2010), Saeed (2013), and Hajar's Hanbane Borine (1990.(

The analysis demonstrates that -ekan is the most natural morpheme and is predicted to become the dominant definite plural marker. The morpheme -an remains strong but is specializing for indefinite plurality. The morpheme -at survives through lexical specialization in commercial and loanwords. In contrast, -gel fails on all principles due to semantic opacity and low productivity, and is undergoing extinction in spoken Kurdish, surviving only in literary contexts .

Keywords : Transparency, Uniformity, Iconicity, -an, -ekan, -at, -gel, Productivity, Morpheme death

**- پوختە :**

ئەم لێکۆڵینەوەیە :- پێکهاتەی مۆرفۆلۆژیای ( کۆ ) لە زمانی کوردیدا لە ڕوانگەی مۆرفۆلۆژیای سروشتییەوە لێی دەکۆڵێتەوە. زمانی کوردی چوار مۆرفیمی کێبڕکێکاری بۆ کۆ هەیە کە بریتیین لە : ( -ان، -ەکان، -ات، -گەل ) . بە بەکارهێنانی سێ پرەنسیپی سەرەکی ( مۆرفۆلۆژیای سروشتی - Natural Morphology ) کە بریتین لە ( شەفافیەت، یەکسانی و ئایکۆنیسیتی ) هەر چوار مۆرفیمەکە لە ڕێگەی سەرچاوە کوردییەکانەوە وەک (د. ئەورەحمانی حاجی مارف - ١٩٧٩)، ( صادق بهاءالدین ئامێدی - ١٩٨٧)، ( پ.د.محەمەد مەحوی - ٢٠١٠)، ( پ.د.یوسف سەعید - ٢٠١٣) و هەنبانە بۆرینەی ( هەژار موکریانی - ١٩٩٠) شرۆڤەکراوە .

ئەنجامەکان دەریانخست کە ( -ەکان ) سروشتیترین مۆرفیمە و پێشبینی دەکرێت ، ببێتە مۆرفێمێکی سەرەکی کۆی ناسیاو . مۆرفیمی ( -ان ) بە بەهێز خۆی دەمێنێتەوە ، بەڵام تایبەتمەند دەبێت بۆ کۆی نەناسیاوی . مۆرفیمی ( -ات ) بەهۆی تایبەتمەندبوونی لە وشە بازرگانییەکاندا دەمێنێتەوە. بە پێچەوانەوە ( -گەل ) لەسەر هەر سێ پرەنسیپەکە دەدۆرێت و لە زمانی ئاخاوتنی ئەمرۆدا لە مردندایە و تەنها لە دەقی ئەدەبیدا دەمێنێتەوە.

کلیلی وشەیی : شەفافیەت ، یەکسانی ، ئایکۆنیسیتی، -ان، -ەکان، -ات، -گەل، بەرهەمهێنان، مردنی مۆرفیم .

**- چوارچێوەی گشتی لێکۆڵینەوە**

- ناونیشان و بواری لێکۆڵینەوە :

_ پێکهاتەی مۆرفۆلۆژیای ( کۆ ) لە زمانی کوردیدا لە ڕوانگەی ( مۆرفۆلۆژیای سروشتیی -_ Natural Morphology )ەوە .

- بواری لێکۆڵینەوە : زمانەوانی، مۆرفۆلۆژیای تیۆری .

- پرسیارەکانی لێکۆڵینەوە :

- ١. کام مۆرفیم لەسەر پرەنسیپی شەفافیەت سەردەکەوێت ؟

- ٢. کام مۆرفیم یەکسانی تەواوی هەیە ؟

- ٣. ئایا پەیوەندییەک هەیە لە نێوان درێژی فۆرم و واتادا ؟

- ٤. کام مۆرفیم دەمێنێتەوە و کام مۆرفێم دەمرێت ؟

- کەرەستەی لێکۆڵینەوە :

لەم لێکۆڵینەوەیەدا چوار مۆرفیمی سەرەکیمان وەک کەرەستە هەڵبژاردووە کە بریتیین لە : ( -ان، -ەکان، -ات، -گەل ) . لەگەڵ کۆمەڵێک سەرچاوەی کوردی و بیانی

- ڕێبازی لێکۆڵینەوە :

ئێمە ڕێبازی شیکاری وەسفی بەکاردەهێنین لەسەر بنەمای تیۆری مۆرفۆلۆژیای سروشتی. هەر مۆرفیمێک بە سێ پێوەری سەرەکی هەڵدەسەنگێنین: ( شەفافیەت، یەکسانی، ئایکۆنیسیتی ) .

- گرفتی لێکۆڵینەوە :

گرفتی سەرەکی ئەوەیە بۆچی زمانی کوردی چوار مۆرفیمی جیاوازی بۆ کۆ هەیە لە کاتێکدا زمانەکان بە سروشت مەیلیان بەرەو سادەیی هەیە. ئایا کام مۆرفیم دەمێنێتەوە و کام دەمرێت.

- ناوەڕۆکی لێکۆڵینەوە :

لێکۆڵینەوەکە لە دوو بەش پێکهاتووە. بەشی یەکەم تیۆرییە ، بەشی دووەم شیکاری هەر چوار مۆرفیمەکەیە لەگەڵ ئەنجامە زانستییەکان ، کە دەیسەلمێنێت ( -ەکان ) بەهێزترینە و ( -گەل ) لە مردندایە.

**بەشی یەکەم: لایەنی تیۆری**

-_ مێژووی تیۆری مۆرفۆلۆژیای سروشتی :

**١,١ پێشەکی :**

زمانی کوردی ( دیالێکتی ناوەڕاست ) بۆ دەربڕینی ( کۆ ) لە ڕووی مۆرفۆلۆژییەوە سیستەمێکی دەوڵەمەندی هەیە. لە کاتێکدا زۆربەی زمانە هیندوئەوروپییەکان پشت بە یەک یان دوو مۆرفیمی سەرەکی دەبەستن، وەک ( s- ) لە ئینگلیزیدا یان ( en- ) لە ئەڵمانیدا بەڵام لە زمانی کوردیدا چوار شێوەی جیاواز بەکاردەهێنرێت . ئەم فرەجۆرییە لە ڕێزمانی کوردیدا بە شێوەیەکی وەسفی تۆمارکراون . د.ئەوڕەحمانی حاجی مارف لە ساڵی ( ١٩٧٩ )دا ئاماژەی بەوەداوە کە نیشانەی سەرەکی کۆ ( -ان )ە و نیشانەکانی تر لە پلەی دووەمدان (حاجی مارف، ١٩٧٩، ل. ١٤٧). هەروەها ( د.عەبدولواحد موشیر دزەیی لە ساڵی ٢٠١٢ )دا شەش نیشانەی جیاکردۆتەوە (دزەیی، ٢٠١٢، ل. ١٠٣).

یەکێک لە کێشەی هەرە سەرەکییەکانی ئەم ڕێزمانانە لەوەدایە کە تەنها وەسفی دیاردەکە کراوە ، هۆکارەکەی ڕوون نەکراوەتەوە . بۆ نموونە هیچ کام لەو سەرچاوانە وەڵامی ئەو پرسیارە نادەنەوە کە : بۆچی قسەکەرێکی دیالێکتی ناوەڕاست دەڵێت ( منداڵەکان ) و ( منداڵان ) هەردووکیان ڕاستن . بەڵام ( کتێبان ) هەڵەیە و تەنها ( کتێبەکان ) ڕاستە . هەروەها بۆچی وشەی ( پیاوگەل ) لە فەرهەنگدا هەیە بەڵام لە بەکارهێنانی ناو بازاڕدا نابیسترێت . ئەم بۆشاییە وایکردووە بڵێین پێویستە تیۆرییەکی نوێ هەبێت کە بتوانێت پێشبینی بکات.

تیۆری ( مۆرفۆلۆژیای سروشتی - Natural Morphology ) ئەو چوارچێوەیە دابین دەکات. ئەم تیۆرییە کە لەسەر دەستی ( درێسلەر ) و هاوکارانی دامەزراوە پێی وایە زمانەکان بەپێی سێ پرەنسیپی سروشتی هەڵدەسوڕێن ( Dressler et al., 1987). ئەم پرەنسیپانە بریتین لە شەفافیەت و یەکسانی و ئایکۆنیسیتی. گرنگی ئەم تیۆرییە لەوەدایە کە نەک تەنها وەسفی دیاردەکان دەکات بەڵکو هۆکاری مانەوە یان مردنی مۆرفیمەکانیش ڕوون دەکاتەوە.

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە پیادەکردنی ئەم سێ پرەنسیپەیە لەسەر داتای کوردی. ئێمە ناتوانین تەنها پشت بە بۆچوونی کەسی ببەستین. بۆیە سەرچاوەی سەرەکیمان بریتی دەبێت لە دەقی نووسراوی باوەڕپێکراو وەک ( دیوانی نالی ) و ( ڕۆمانەکانی بەختیار عەلی ) لەگەڵ تێبینی مەیدانی وەک وشەی ( شووشەوات و وردەوات و باغەوات ... ) ئەم تێکەڵکردنە وا دەکات توێژینەوەکە پشت بە زمانی زیندوو ببەستێت.

لە کۆتاییدا ئەم بەشە تیۆرییە بناخەیەک دادەنێت بۆ ئەوەی لە بەشی دووەمدا هەر یەک لە مۆرفیمەکانی ( -ان و -ەکان و -ات و -گەل ) بە جیا تاقی بکەینەوە. ئەنجامەکە وەڵامێکی زانستییە بۆ پرسیاری سەرەکی لێکۆڵینەوەکە .

**_ کورتە مێژوویەکی تیۆری مۆرفۆلۆژیای سروشتی Natural Morphology :**

تیۆری مۆرفۆلۆژیای سروشتی وەک کاردانەوەیەک لە دژی ( تیۆری جێنەراتیف ) لە حەفتاکانی سەدەی بیستەمدا سەریهەڵدا. ( تیۆری جێنەراتیف ) پێی وابوو هەموو شتێک لە زماندا دەکرێت بە یاسای ئەبستراکت ڕوون بکرێتەوە. بەڵام کۆمەڵێک زمانەوانی ئەوروپی تێبینیان کرد کە زمانە سروشتییەکان مەیلیان بەرەو ئاسانکاری دەڕوات نەک بەرەو ئاڵۆزی . ئەم بیرۆکەیە یەکەمجار لەلایەن ( ویلی مایەرتالەر )ەوە لە زانکۆی ( کلاگنفۆرت ) خرایەڕوو.

( مایەرتالەر ) لە کتێبی ( Morphologische Natürlichkeit )دا کە لە ساڵی ( ١٩٨١ )دا بڵاوکرایەوە، بنەمای سەرەکی ئەم تیۆرەی دانا. ئەو دەڵێت مۆرفۆلۆژیای سروشتی ئەوەیە کە مرۆڤ بەبێ فێربوونی تایبەت لێی تێدەگات ( Mayerthaler, 1981, p. 2). بۆ نموونە کۆی یەک برگەیی سروشتیترە لە کۆی دوو برگەیی. ( مایەرتالەر ) پێنج پێوەری دانا بۆ پێوانی سروشتیبوون کە گرنگترینیان ( شەفافیەت - ڕوونی ) بوو. ئەو بە بەڵگەی زمانە ژێرمانییەکان نیشانیدا کە کاتێک دوو فۆرم کێبڕکێ دەکەن، ئەوەی شەفافترە دەمێنێتەوە. لە هەمان کاتدا لە ئەڵمانیای ڕۆژهەڵات ( وۆلفگانگ وورزل ) کاری لەسەر هەمان بابەت دەکرد. وورزل لە کتێبی ( Flexionsmorphologie und Natürlichkeit )دا کە لە ( ١٩٨٤ )دا دەرچووە چەمکی سیستەمی ناوەکی هێنایە ئاراوە (Wurzel, 1984, p. 116).

وورزل دەڵێت : هەر زمانێک سیستەمێکی جێگیر هەیە کە وەک فیلتەر کاردەکات. ئەگەر مۆرفیمێکی نوێ بێتە ناو زمانەوە دەبێت لەگەڵ ئەو سیستەمەدا بگونجێت. ئەگەر نەگونجا یان دەگۆڕدرێت یان دەمرێت . ئەم بیرۆکەیە زۆر گرنگە بۆ تێگەیشتن لە مۆرفیمی وەرگیراوی وەک( -ات ) لە کوردیدا.

قۆناغی سێیەم لە ساڵی( ١٩٨٧ )دا هات کاتێک ( وۆلفگانگ یو درێسلەر ) لەگەڵ ( ویلی مایەرتالەر و ئۆسڤالد پاناگل و وۆلفگانگ وورزل ) کتێبی ( Leitmotifs in Natural Morphology ) یان بڵاوکردەوە (Dressler et al., 1987). ئەم کتێبە بووە سەرچاوەیەکی سەرەکی تیۆرییەکە. لەو کتێبەدا سێ پرەنسیپی گشتی دیاری کرا . یەکەم شەفافیەتە کە دەڵێت : پەیوەندی نێوان ( فۆرم و واتا ) دەبێت روون بێت. دووەم یەکسانییە کە دەڵێت : یەک فۆرم یەک واتا . سێیەم ئایکۆنیسیتییە کە دەڵێت : فۆرمی گەورە واتای گەورە دەگەیەنێت. ( درێسلەر ) دوای ئەوەش بەردەوام بوو لەسەر تیۆرییەکە. لە ساڵی( ٢٠٠٥ )دا لە وتارێکدا لە گۆڤاری ( Linguistic Typology )دا بە پوختەیی بیست ساڵ کاری کردەوە (Dressler, 2005, p. 267). ئەو دەڵێت : مۆرفۆلۆژیای سروشتی تەنها تیۆرییەکی وەسفی نییە، بەڵکو تیۆرییەکی پێشبینی کەرە . دەتوانین پێشبینی بکەین کام مۆرفیم لە داهاتوودا دەمێنێتەوە. لە ساڵانی دواتردا ئەم تیۆرییە لەلایەن زمانەوانانی ترەوە پەرەی پێدرا. ( مارتین هاسپێلماس ( لە کتێبی (Understanding Morphology؟ )دا بەشی چوارەمی تەرخان کرد بۆ شەفافیەت (Haspelmath, 2002, p. 79). هاسپێلماس بەڵگەی زمانی لە چل زمان زیاتر هێنایەوە بۆ سەلماندنی ئەوەی مۆرفیمە شەفافەکان تەمەنیان درێژترە.

هەروەها ( لۆری باوەر ) لە کتێبی ( Morphological Productivity )دا پەیوەندی نێوان سروشتیبوون و بەرهەمهێنانی ڕوون کردەوە (Bauer, 2001, p. 15). ( باوەر ) دەڵێت : مۆرفیمێک کە سروشتی بێت بەرهەمهێنەریشە. ئەم بۆچوونە ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە کێشەی ئێمەوە هەیە لە زمانی کوردیدا.

جێی ئاماژەیە مۆرفۆلۆژیای سروشتی ئەمڕۆ لە زۆربەی زانکۆکانی ئەوروپادا وەک زانکۆی ( ڤیەننا و زانکۆی لایپزیگ ) دەخوێنرێت. ئەم تیۆرییە تایبەتە بە زمانە زیندووەکان و پشت بە داتای ڕاستەقینە دەبەستێت نەک تەنها بە یاسای ئەبستراکت.

**١,٣ سێ پرەنسیپی سەرەکی :**

یەکەم پرەنسیپ شەفافیەتە ( مایەرتالەر ) شەفافیەت بەم شێوەیە پێناسە دەکات ، کە پەیوەندی نێوان ( فۆرم و واتا ) دەبێت ڕاستەوخۆ بێت و هیچ گۆڕانکارییەکی دەنگی تێدا نەبێت (Mayerthaler, 1981, p. 34).

بۆ نموونە لە زمانی تورکیدا کۆی ( lar- ) زۆر شەفافە چونکە هەمیشە بە هەمان شێوەی دەنگی دەردەچێت و هەمووکات هەمان واتای هەیە . ( درێسلەر ) ئەمە زیاتر ڕوون دەکاتەوە و دەڵێت : شەفافیەت سێ ئاستی هەیە ، ئاستی یەکەم : شەفافیەتی فۆنۆلۆژییە. واتە مۆرفیمەکە نابێت دەنگەکانی بگۆڕێت. ئاستی دووەم : شەفافیەتی مۆرفۆتاکتیکییە ، واتە شوێنی مۆرفیمەکە دیار بێت. ئاستی سێیەم : شەفافیەتی سیمانتیکییە واتە واتاکەی یەک ڕوو بێت (Dressler et al., 1987, p. 99).

( هاسپێلماس ) لە ساڵی ( ٢٠٠٢ )دا بەڵگەی زۆری هێنایەوە کە زمانەکان مەیلیان هەیە بەرەو شەفافیەت بڕۆن. ئەو لە کتێبی ( Understanding Morphology )دا نووسیویەتی کە منداڵ کاتێک فێری زمان دەبێت، یەکەم جار مۆرفیمە شەفافەکان فێر دەبێت (Haspelmath, 2002, p. 81). ئەمەش وایکردووە لە زۆر زماندا مۆرفیمە نا شەفافەکان وردە وردە بمرن. بۆ نموونە لە ئینگلیزی کۆندا کۆی ( en- ) هەبوو وەک ( oxen ) بەڵام ئێستا تەنها لە چەند وشەیەکدا ماوە چونکە شەفاف نەبوو.

لە زمانی کوردیدا ئەم پرەنسیپە زۆر بە ڕوونی دەبینرێت. مۆرفیمی ( -ان ) زۆر شەفافە . کاتێک دەڵێین ( کچان )هەم فۆرمەکە دیارە هەم واتاکە دیارە. بەڵام مۆرفیمی ( -گەل ) کەمتر شەفافە چونکە هەندێکجار دەنگی ( گ )دەگۆڕێت و دەبێتە سەگەل لە جیاتی سەگگەل . ( د. ئەورەحمانی حاجی مارف ) ئاماژەی بەوە داوە و وتویەتی لەبەر ئەوەی دوو دەنگی (گ) دەکەونە پاڵ یەک، یەکێکیان

تێدەچێت (حاجی مارف، ١٩٧٩، ل. ١٥٣). لەم ڕووەوە ئاگایی مۆرفۆلۆژییانەی ئاخێوەری کورد پەیوەستە بە توانای هەڵوەشاندنەوەی فۆرمەکان و ناسینەوەی زانیارییە واتاییەکان . ئەمەش هەمان بنەمای شەفافیەتە کە دەبێتە هۆی مانەوەی مۆرفیمی بەرهەمدار و نەمانی مۆرفیمی ناڕوون (مەعروف، ٢٠١٩، ل. ٤١٥).

دووەم پرەنسیپ یەکسانییە : ئەمە بە مانای ئەوەیە کە یەک فۆرم دەبێت تەنها یەک واتای هەبێت و یەک ( واتا)ش دەبێت تەنها یەک فۆڕمی هەبێت. ( مایەرتالەر ) ئەمەی بە ( biuniqueness ) ناوبردووە (Mayerthaler, 1981, p. 45). درێسلەر دەڵێت کاتێک ئەم پرەنسیپە تێکدەشکێت ، زمان تووشی قەیران دەبێت و هەوڵی چارەسەر دەدات (Dressler et al., 1987, p. 102).

بۆ نموونە لە زمانی کوردیدا ئێمە دوو فۆرممان هەیە بۆ کۆی ناسیاوی . دەتوانین بڵێین ( کتێبەکان ) یان دەتوانین بڵێین ( کتێبان ) هەردووکیان هەمان واتا بە دەستەوە دەدەن. بەپێی پرەنسیپی یەکسانی ئەمەش دۆخێکی ناسروشتییە و دەبێت یەکێکیان بمرێت. داتای مەیدانی نیشانی دەدات کە فۆڕمی ( کتێبان ) خەریکە دەمرێت و تەنها لە شیعردا دەمێنێتەوە. ئەمەش بەڵگەیە لەسەر کاریگەری یەکسانی.

( باوەر ) لەم بارەیەوە دەڵێت : کاتێک دوو مۆرفیم کێبڕکێ دەکەن، ئەوەی بەرهەمهێنەرترە دەیباتەوە (Bauer, 2001, p. 29). بەرهەمهێنان لێرەدا بە مانای توانای بەکارهێنان لەگەڵ وشەی نوێ دێت. بۆیە ( -ەکان ) بەرهەمهێنەرە چونکە لەگەڵ هەموو وشەیەکی نوێدا دێت ، بەڵام ( -ان ) لەگەڵ وشەی نسسیاەیدا کێشەی هەیە.

سێیەم پرەنسیپ ئایکۆنیسیتییە : ئەمەیش کۆنترین پرەنسیپە و دەگەڕێتەوە بۆ ( سۆسیر ) . ئایکۆنیسیتی دەڵێت : پەیوەندییەکی هێمای هەبێت لە نێوان ( فۆرم و واتا )دا . ( درێسلەر ) ئەمە بەم شێوەیە ڕوون دەکاتەوە کە واتای زیاتر پێویستی بە فۆڕمی زیاترە (Dressler, 2005, p. 272). بۆ نموونە لە زۆر زماندا کۆی ناسیاوی لە کۆی نەناسیاوی درێژترە .

لە زمانی کوردیدا ئەمە تەواو ڕاست و دروستە . ئێمە دەڵێین ( کچان ) بۆ کۆی نەناسیاوی کە دوو بڕگەیە. بەڵام بۆ کۆی ناسیاوی دەڵێین ( کچەکان ) کە سێ بڕگەیە. ئەم درێژبوونە واتای ناسیاویش زیاد دەکات.

( د.ئەوڕەحمانی حاجی مارف ) هەرچەندە وشەی ئایکۆنیسیتی بەکارنەهێناوە، بەڵام هەمان شتی وتووە. ئەو دەڵێت ( -ەکان ) لە ( -ەکە ) و ( -ان ) پێکهاتووە (حاجی مارف، ١٩٧٩، ل. ١٥٦). واتە دوو واتا بووەتە دوو مۆرفیم.

( کۆربێت ) لەسەر ئایکۆنیسیتی و ژمارە دەڵێت : هەندێک زمان دوو نیشانەی کۆ یان سێ نیشانەی کۆیان هەیە و هەمیشە فۆرمەکەیان درێژترە (Corbett, 2000, p. 40). ئەمەش بەڵگەیەکی ترە لەسەر گرنگی ئەم پرەنسیپە.

شایانی ئاماژە پێدانە ئەم سێ پرەنسیپە پێکەوە کاردەکەن . مۆرفیمێک کە هەر سێ پرەنسیپەکەی تێدا بێت دەمێنێتەوە . ئەوەی ببێتە هۆی تێکدانیان لەناو دەچێت و دەمرێت. ئێمە لە بەشی دووەمدا ئەمە لەسەر هەر چوار مۆرفیمەکەی زمانی کوردی تاقی دەکەینەوە .

### ١,٤ مۆرفۆلۆژیای سروشتی و نیشانەکانی کۆ :

تیۆری ( مۆرفۆلۆژیای سروشتی - Natural Morphology ) بە تایبەتی گرنگی بە نیشانەکانی ژمارە دەدات چونکە ژمارە یەکێکە لەو دیاردانەی لە هەموو زمانەکاندا هەیە. ( کۆربێت ) لە کتێبی ( Number )دا کە لە ساڵی ( ٢٠٠٠ )دا بڵاوکراوەتەوە، سیستەمی ژمارەی زیاتر لە ( ٢٥٠ ) زماندا شیکردۆتەوە (Corbett, 2000). کۆربێت دەڵێت کۆ تەنها یەک واتای نییە. بەڵکو هەندێکجار واتای زیاتر لە یەک دەدات، هەندێکجار واتای کۆمەڵ دەدات، هەندێک جاریش واتای ڕێزگرتن بە دەستەوە دەدات. ئەم جیاوازییە گرنگە بۆ تێگەیشتن لە مۆرفیمی وەک ( -گەل ) لە زمانی کوردیدا.

( کۆربێت )سیستەمێکی پلەبەندی بۆ نیشانەی ( کۆ ) داناوە. لە سادەترین ئاستدا تەنها ( تاک و کۆ ) هەیە. لە ئاستی دووەمدا تاک و دووانە و کۆ هەیە. لە ئاستی سێیەمدا تاک و دووانە و سێیانە و کۆ هەیە (Corbett, 2000, p. 26). زمانی کوردی لە ئاستی یەکەمدایە. بەڵام کوردی تایبەتمەندییەکی هەیە کە ( کۆربێت ) ئاماژەی پێنەداوە. ئەویش ئەوەیە کە کۆی ناسیاوی و نەناسیاوی فۆڕمی جیاوازیان هەیە . ( درێسلەر ) لەسەر ئەم خاڵە دەڵێت : کاتێک زمانێک دوو جۆر کۆی هەبێت ،

ئەوەی شەفافترە دەمێنێتەوە ( Dressler et al., 1987, p. 110). لە کوردیدا ( -ەکان )شەفافترە لە ( -ان ) چونکە هەمیشە هەمان شێوەی هەیە و لەگەڵ هەموو وشەیەکدا دێت. بۆیە پێشبینی دەکەین ( -ەکان ) لە داهاتوودا زیاتر بڵاوببێتەوە. ( باوەر )یش لەسەر بەرهەمهێنانی مۆرفیمەکانی کۆ دەڵێت : سێ هۆکار هەیە کە مۆرفیمێک بەرهەمهێنەر دەکات (Bauer, 2001, p. 15). یەکەم شەفافیەتە. دووەم فراوانی بەکارهێنانە. سێیەم نەبوونی کێبڕکێکارە. لە کوردیدا ( -ەکان ) هەر سێ مەرجەکەی تێدایە. بۆیە بەرهەمهێنەرترین مۆرفیمە. ( هاسپێلماس ) لەسەر مۆرفیمە وەرگیراوەکان لە زمانانی دیکەوە دەڵێت : کاتێک مۆرفیمێک لە زمانێکی ترەوە وەردەگیرێت، سەرەتا تەنها لەگەڵ وشە وەرگیراوەکاندا دێت (Haspelmath, 2002, p. 210). دواتر ئەگەر شەفاف بێت دەچێتە سەر وشە ڕەسەنەکانیش. مۆرفیمی ( -ات ) لە زمانی کوردیدا بەم قۆناغەدا تێپەڕیوە. سەرەتا تەنها لەگەڵ وشەی عەرەبیدا هاتووە وەک خردوات . دواتر چووەتە سەر وشەی فارسی وەک باخات. ئێستا لە هەندێک ناوچەدا دەچێتە سەر وشەی کوردیش وەک ( شووشەوات ، باغەوات ، ... )

( مایەرتالەر ) لەسەر مردنی مۆرفیم دەڵێت : مۆرفیم کاتێک دەمرێت کە ئەو سێ پرەنسیپە تێکبشکێنێت (Mayerthaler, 1981, p. 67). مۆرفیمی ( -گەل ) لە زمانی کوردیدا هەر سێ پرەنسیپەکەی تێکشکاندووە . لە ڕووی شەفافیەتەوە ناڕوونە ، چونکە هەندێکجار دەبێتە ( گە ) و هەندێکجار دەمێنێتەوە( گەل ) . لە ڕووی یەکسانییەوە کێبڕکێی لەگەڵ ( -ان )دا دەکات . لە ڕووی ئایکۆنیسیتییەوە کورترە لە ( -ەکان ) لە کاتێکدا واتایەکی نزیکی هەیە. ( وورزل ) ئەمە بە سیستەمی ناوەکی ڕوون دەکاتەوە. ئەو دەڵێت : هەر زمانێک سیستەمێکی ناوەکی هەیە کە مۆرفیمە نوێکان دەبێت لەگەڵیدا بگونجێن (Wurzel, 1984, p. 120). سیستەمی ناوەکی زمانی کوردی پێی وایە کۆ دەبێت بە ( پاشگر ) بێت نەک بە وشەی سەربەخۆ . بۆیە وشەی ( گەلە )کە سەربەخۆیە، کاتێک دەبێتە پاشگر ، لەگەڵ سیستەمەکەدا ناگونجێت و هێدی هێدی دەمرێت.

لە کۆتاییدا دەبێت ئاماژە بەوە بکەین کە تیۆری مۆرفۆلۆژیای سروشتی تەنها باس لە فۆرم ناکات، بەڵکو باس لە واتاش دەکات. ( کۆربێت ) دەڵێت : هەندێکجار مۆرفیمی کۆ وستای کۆمەڵ دەدات نەک واتای ژمارە (Corbett, 2000, p. 101). ئەمەش ڕوونکردنەوەیە بۆ وشەی ( گەلەکۆمە ) . لێرەدا ( گەل ) وستای کۆمەڵ دەدات نەک واتای فرە.

**بەشی دووەم :**

**٢,١ میتۆدۆلۆژیا :**

شایانی ئاماژە پێدانە ئێمە لەم لێکۆڵینەوەیەدا ، ناتوانین پشت بە یەک جۆر سەرچاوە ببەستین. زمانی کوردیش وەک هەموو زمانێکی زیندوو، سەرچاوەکانی بەشێکی لە کتێبدایە و بەشێکی لە بازاڕدایە ( مەبەستم ئاخاوتنە ) . بۆیە ئێمە سێ دەروازەی جیاواز دادەنێین بۆ کۆکردنەوەی داتا. هەر سێ دەروازەکە بە یەکەوە وێنەیەکی تەواومان پێدەدەن.

دەروازەی یەکەم : سەرچاوە نووسراوەکانن ، ئێمە لێرەدا بەپێی ساڵ هەنگاو دەنێین . یەکەم سەرچاوە( م. توفیق وەهبی )یە کە لە ساڵی ( ١٩٢٩ ) باس لە ( گەل ) دەکات لە زاری ناوەڕاستدا (وەهبی، ١٩٢٩، ل. ٣٩). دووەم سەرچاوە : ( د. ئەورەحمانی حاجی مارف )ە لە ساڵی ( ١٩٧٩ ) کە ڕێزمانی کوردی - مۆرفۆلۆژی - نوسیوە (حاجی مارف، ١٩٧٩). سێیەم سەرچاوە ( سادق بەهائەدین ئامێدی )یە لە ساڵی ( ١٩٨٧ ) لە بەغداد کتێبی ( ڕێزمانا کوردی ) چاپکردووە . ( ئامێدی ) لە لاپەڕە( ١٤٩ )دا دەڵێت ؛ گەل لە سۆرانیدا ناو دەگوازێتەوە بۆ کۆ (ئامێدی، ١٩٨٧، ل. ١٤٩). هەروەها لە لاپەڕە ( ١٩٣ )دا لیستێکی تەواوی نەسیوە لە وشەکانی وەک ( کەر و بڕ و ڕەقد ( کە واتای کۆمەڵ دەدەن (ئامێدی، ١٩٨٧، ل. ١٩٣).

دەروازەی دووەم : توێژینەوە زانکۆییەکانی دوای ( ٢٠٠٠ )ە. ئێمە لێرەدا دوو سەرچاوەی گرنگ بەکاردەهێنین. یەکەمیان ( پ. د. محەمەدی مەحوی )ە، لە زانکۆی سلێمانی لە ساڵی ٢٠١٠. مەحوی دەڵێت : وشەی ( گەل ) لەلایەن گرووپی وشە دروستکردنەوە بەکاردێت و لە ڕووی سیمانتیکییەوە ڕوون و شەفافە (مەحوی، ٢٠١٠،

ل. ٢٠١). ئەمە بەڵگەیەکی زۆر بەهێزە بۆ تیۆرییەکەمان.

دووەمیان ( پ. د. یوسف شەریف سەعید )ە لە هەولێر لە ساڵی ٢٠١٣. ( سەعید ) دەڵێت : مۆرفیمی ( - ان ) زۆر چالاکە (سەعید، ٢٠١٣). هەروەها باس لە گۆڕانی ( -ات ) بۆ ( -هات ) و ( -جات ) دەکات بەهۆی یاساکانی فۆنۆلۆژییەوە (سەعید، ٢٠١٣). گرنگترین زانیاری ناوبراو ئەوەیە کە دەڵێت : لە ئەردەڵان و لورستان ( گەل ) دەبێتە یەک وەک برایەک (سەعید، ٢٠١٣، ل. ٢٧). ئێمە ئەم گۆڕانە وەک بەڵگەی مردنی ( گەل ) بەکاردەهێنین.

دەروازەی سێیەم داتای مەیدانییە : ئێمە لەم لێکۆڵینەوەیەدا پشت بە زمانی ڕۆژانە دەبەستین. بۆ نموونە وشەکانی ( شووشەوات و وردەوات و باغەوات )مان لە بازاڕی سلێمانی و کەرکوک بیستووە. هەروەها وشەی ( گەلەکۆمە )مان لە کاتی شەڕە دەستەجەمیدا تۆمارکردووە. هەوەها وشەی ( گەلە گورگ ) و ( ڕەوە گورگ )مان لە چیرۆکی شوانەکاندا دۆزیوەتەوە. ئەم داتایە زیندووە و بەکاردێت .

ئێمە بۆ شرۆڤەکردن هەمان ئەو سێ پرسیارە تیۆرییە بەکاردەهێنین و دەپرسین : - ئایا مۆرفیمەکە شەفافە ؟ - ئایا یەک واتای هەیە. ؟ ئایا درێژی فۆرمەکەی لەگەڵ واتاکەیدا دەگونجێت ؟ . وەڵامی ئەم سێ پرسیارە چارەنووسی هەر مۆرفیمێک دیاری دەکات.ئێمە بەم سێ دەروازەیە دڵنیا دەبین کە لێکۆڵینەوەکەمان ، تەنها پشت بە کتێب نابەستێت ، بەڵکو پشت بە زمانی ئاخافتنیش دەبەستێت.

**٢..٢ شرۆڤەی مۆرفیمی ( -ان ) :**

سەبارەت بە نیشانەکانی کۆ لە زمانی کوردیدا لە مۆرفێمی ( -ان ) ەوە دەست پێدەکەین چونکە هەموو سەرچاوەکان لەسەر ئەوە کۆکن کە ( -ان ) چالاکترین مۆرفیمە. ( پ.د. ئەوڕحمانی حاجی مارف ) لە ساڵی ( ١٩٧٩ )دا دەڵێت : ( -ان ) نیشانەی سەرەکی کۆیە (حاجی مارف، ١٩٧٩، ل. ١٤٧). ( د.یوسف سەعید لە ساڵی ٢٠١٣ )دا ئەمە دووپات دەکاتەوە و دەڵێت : ( -ان ) زۆر چالاکە (سەعید، ٢٠١٣). لێرەدا دەمانەوێت بزانین بۆچی ئەم مۆرفیمە ئەوەندە بەهێز و چالاکە .

بۆیە یەکەم پرسیارمان لەسەر شەفافیەتە. ئێمە دەبینین ( -ان ) لە ڕووی فۆنۆلۆژییەوە زۆر شەفافە. کاتێک دەچێتە سەر وشەیەک کە بە نەبزوێن کۆتایی دێت، هیچ گۆڕانکارییەک ڕوونادات. بۆ نموونە ( پیاو ) دەبێتە ( پیاوان ) ، ( کتێب ) دەبێتە ( کتێبان ) . ئەمە تەواو لەگەڵ بۆچوونەکانی ( هاسپێلماس )دا دەگونجێت کە دەڵێت : مۆرفیمە شەفافەکان دەمێننەوە .. (Haspelmath, 2002, p. 81). بەڵام کاتێک ( -ان ) دەچێتە سەر وشەیەک کە بە بزوێن کۆتایی دێت، گۆڕانکارییەکی بچووک ڕوودەدات. ( د. یوسف سەعید ) ئەمەی زۆر بە وردی باس کردووە. ئەو دەڵێت : ئەگەر ناو بە بزوێنی درێژ کۆتایی هات، ئەوا( -ان )دەبێتە ( -یان ) ، ( سەعید، ٢٠١٣). بۆ نموونە ( مامۆستا ) دەبێتە ( مامۆستایان ) نەک ( مامۆستاان ) . لەم وشەیەدا دەنگی ( -ی ) وەک پردێک و ناوەندگیرێک کاردەکات. ئێمە پێمان وایە ئەمە شەفافیەت تێکنادات بەڵکو پارێزگاری لێدەکات. چونکە یاساکانی زمانی کوردی ڕێگا نادەن دوو بزوێن بکەونە پاڵ یەک. بۆیە زمان دەنگی ( ی ) زیاد دەکات بۆ ئەوەی دەربڕینی وشەکە ئاسانتر بێت . مامۆستا ( سادق ئامێدی لە ساڵی ١٩٨٧ )دا ئاماژەی بە هەمان دیاردە داوە لە کرمانجی ژووروودا . ناوبراو باس لە گۆڕانی دەنگ دەکات بۆ پاراستنی شێوەی وشە (ئامێدی، ١٩٨٧، ل. ١٤٩). ئێمە دەتوانین بڵێین ( -ان ) لە ( ٩٥٪ )ی حاڵەتەکاندا شەفافە و تەنها لە ( ٥٪ )دا گۆڕانێکی بچووکی فۆنۆلۆژی بەسەردا دێت.

دووەم پرسیارمان لەسەر یەکسانییە. ئێمە دەبینین ( -ان ) لە زۆربەی حاڵەتەکاندا یەک واتای هەیە کە ئەویش کۆی نەناسیاوە . بۆ نموونە کاتێک دەڵێین منداڵان هاتن، مەبەستمان چەند منداڵێکی نەناسیاوە . ئەمە لەگەڵ پرەنسیپی ( مایەرتالەر )دا دەگونجێت (Mayerthaler, 1981, p. 45). بەڵام لەگەڵ ئەمانەشدا کێشەیەک هەیە. لە هەندێک دەقدا ( -ان ) بەکاردێت بۆ کۆی ناستاویش . بۆ نموونە لە شیعردا دەوترێت ( گوڵان دەپژمێن ) لێرەدا مەبەست گوڵە ناسراوەکانە . ( پ.د .ئەوڕەحمانی حاجی مارف ) خۆی ئاماژەی بەمە داوە و وتویەتی ( -ان )

هەندێکجار جێگەی ( -ەکان ) دەگرێتەوە (حاجی مارف، ١٩٧٩، ل. ١٤٨). ئێمە پێمان وایە ئەمە نیشانەی لاوازیی نیشانەی ( ان )ە نەک بەهێزی. چونکە بەپێی ( درێسلەر ) کاتێک دوو فۆرم هەمان واتا دەدەن ، یەکێکیان دەمرێت ( Dressler et al., 1987, p. 102). هەروەها داتاکان ئەوە نیشان دەدەن ، کە لە زمانی ئاخاوتنی ئەمڕۆی کوردیدا، خەڵک زۆر کەم ( -ان ) بەکاردەهێنن بۆ ناسیاوی . لە جیاتی ( منداڵان ) دەوترێت( منداڵەکان هاتن ). ئەمەش بەڵگەیە کە ( -ان ) خەریکە واتای ناسیاوی لەدەست دەدات و تەنها وستای نەناسیاوی بۆ دەمێنێتەوە. ئەمەش وا دەکات یەکسانی زیاتر بێت.

سێیەم پرسیارمان لەسەر ئایکۆنیسیتییە. ئاشکرایە ( -ان ) یەک بڕگەیە و دەچێتە سەر وشەی تاک. بۆ نموونە ( کچ ) دەبێتە ( کچان ) . ئەمە تەواو ئایکۆنیکییە چونکە زیادبوونی یەک بڕگە وستای زیادبوونی ژمارە دەگەیەنێت. ( درێسلەر ) دەڵێت : ئەمە سروشتیترین جۆری کۆیە ( Dressler, 2005, p. 272). ( کۆربێت )لەم ڕووەوە دەڵێت : زمانەکان حەزیان لەوەیە کۆ بە زیادکردن دروست بکەن نەک بە کەمکردن (Corbett, 2000, p. 40). نیشانەی ( -ان ) تەواو ئەم مەرجە جێبەجێ دەکات.

لە کۆتاییدا دەشێت بڵێین ( -ان ) لەسەر سێ پرەنسیپەکە نمرەی بەرزی بەدەستهێناوە. لە شەفافیەتدا ( ٩٥٪ ) لە یەکسانییدا ( ٩٠٪ ) لە ئایکۆنیسیتیدا ( ١٠٠٪ ) بۆیە دەتوانیین بڵێین ئەم مۆرفیمە هێشتا بەهێزە و لە داهاتووشدا دەمێنێتەوە. بەڵام ئێمە پێشبینی دەکەین کە واتای ناسیاوی لەدەست بدات و تەنها بۆ نەناسیاوی بمێنێتەوە .

**٢,٣ شیکاری مۆرفیمی ( -ەکان ) :**

سەبارەت بە مۆرفیمی ( -ەکان ) کە دووەم مۆرفیمی سەرەکییە. ( د.ئەورەحمانی حاجی مارف ) دەڵێت : ( -ەکان ) لە ( -ەکە ) و ( -ان ) پێکهاتووە (حاجی مارف، ١٩٧٩، ل. ١٥٦). ئێمە دەمانەوێت بزانین ئایا ئەم پێکهاتە دوو مۆرفیمیە وای لێدەکات بەهێزتر بێت یان لاوازتر ...

یەکەم پرسیاری لێرەدا شەفافیەتە . ئێمە وا دەبینین ( -ەکان ) لە هەموو حاڵەتێکدا هەمان شێوەی هەیە. جیاواز لە ( -ان ) ( -ەکان ) هەرگیز ناگۆڕێت. بۆ نموونە مامۆستا دەبێتە مامۆستاکان، دەرگا دەبێتە دەرگاکان. هیچ دەنگێکی زیادەی وەک ( ی ) نابێتە ناوەندگیری . ( د.یوسف سەعید ) ئەمەی بە باشی ڕوون کردۆتەوە کە ( -ەکان )لەگەڵ هەموو وشەیەکدا یەک شێوەیە (سەعید، ٢٠١٣).

ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە ( -ەکان ) لە ڕووی شەفافیەتەوە ( ١٠٠٪ )ە. هەروەها لەگەڵ بۆچوونەکانی ( هاسپێلماس )دا دەگونجێت ، کە دەڵێت : مۆرفیمە نەگۆڕەکان سروشتیترینن (Haspelmath, 2002, p. 81). کەواتە دەتوانین بڵێین لە ڕووی شەفافیەتەوە ( -ەکان ) لە ( -ان ) بەهێزترە.

دووەم پرسیار لەم بوارەدا یەکسانییە. ئێمە دەبینین ( -ەکان ) تەنها یەک واتای هەبێت ، کە ئەویش کۆی ناسیاویە . کاتێک دەڵێین کتێبەکان، هەمیشە مەبەستمان ئەو کتێبانەیە کە باسیان دەکەین. هەرگیز ( -ەکان ) بۆ نەناسیاوی بەکارنایەت. ئەمەش تەواو لەگەڵ پرەنسیپی یەکسانی ( مایەرتالەر )دا دەگونجێت (Mayerthaler, 1981, p. 45).

ئێمە لێرەدا جیاوازییەکی گرنگ دەبینین لە نێوان ( -ان ) و ( -ەکان ) چونکە ( -ان ) دوو واتای هەیە، بەڵام ( -ەکان ) تەنها یەک واتای هەیە. بەپێی ( درێسلەر ) ئەوەی یەک واتای هەبێت دەمێنێتەوە ( Dressler et al., 1987, p. 102). بۆیە دەشێ پێشبینی ئەوە بکەین لە داهاتوودا خەڵک زیاتر ( -ەکان ) بەکاربهێنن بۆ ناسیاوی و واز لە ( -ان )بهێنن. داتای مەیدانی ئەم بۆچوونە پشتڕاست دەکاتەوە. لە بازاڕی سلێمانی کەس ناڵێت پیاوان هاتن ئەگەر مەبەستی ناستاوی بێت. هەموو دەڵێن ( پیاوەکان هاتن ) . تەنانەت لە ڕۆژنامەکانیشدا (-ەکان ) زۆر زیاترە .

سێیەم پرسیاری ئەم بوارە ئایکۆنیسیتییە. ئێمە وا دەبینین ( -ەکان ) دوو بڕگەیە ( ەکە + ان ) ئەمەش ئەو دەردەخات کە ( ەکان ) لە ( -ان ) درێژترە و تەواو ئایکۆنیکییە چونکە واتایەکی زیاتری هەیە. ( -ەکان ) نەک تەنها کۆ دەگەیەنێت، بەڵکو ناسیاویش دەگەیەنێت. بۆیە پێویستە فۆرمەکەی درێژتر بێت. ( درێسلەر ) لە ساڵی ( ٢٠٠٥ )دا ئەمە بە نموونە دەهێنێتەوە (Dressler, 2005, p. 272).

جێی سەرنجە ( پ.د. ئەورەحمانی حاجی مارف ) بەبێ ئەوەی ناوی ئایکۆنیسیتی بهێنێت، هەمان شتی وتووە و هەمان شتی دەربڕیوە . ناوبراو دەڵێت : ( -

ەکان ) لە دوو بەش پێکهاتووە (حاجی مارف، ١٩٧٩، ل. ١٥٦). کەواتە دەتوانین بڵێین ئەمە باشترین نموونەی ئایکۆنیسیتییە لە زمانی کوردیدا. هەروەها جێی سەرنجە ( -ەکان ) لەگەڵ وشەی نوێدا زۆر بە ئاسانی دێت. بۆ نموونە وشەی ( مۆبایل ) کە وشەیەکی نوێیە، دەبێتە ( مۆبایلەکان ) . ئەمە بەڵگەی بەرهەمهێنانی باوەرە ( Bauer, 2001, p. 15). ( -ان ) لەگەڵ وشەی نوێدا هەندێک جار کێشەی هەیە، بەڵام ( -ەکان ) هەرگیز کێشەی نییە...

لە کۆتاییدا دەشێ بڵێین ( -ەکان ) لەسەر هەر سێ پرەنسیپەکە نمرەی تەواوی بەدەستهێناوە. شەفافیەت ( ١٠٠٪ ) یەکسانی( ١٠٠٪ ) ئایکۆنیسیتی ( ١٠٠٪ ) . بۆیە پێشبینی دەکەین ئەم مۆرفیمە نەک هەر بمێنێتەوە ، بەڵکو زیاتریش بڵاودەبێتەوە و لەوانەیە لە داهاتوودا جێگەی ( -ان ) بگرێتەوە بۆ ناسیاوی .

**٢,٤ شیکاری مۆرفیمی( -ات ) :**

مۆرفیمی( -ات ) مۆرفیمێکی وەرگیراوە لە زمانی عەرەبییەوە. ( پ.د. یوسف سەعید ) دەڵێت : ئەم مۆرفیمە لەگەڵ چەند مۆرفیمی تردا هاتووەتە ناو کوردی وەک ( هات و جات ) (سەعید، ٢٠١٣). لێرەدا دەمانەوێت بزانین بۆچی ئەم مۆرفیمە هێشتا لە زمانی کوردیدا ماوەتەوە ، لە کاتێکدا مۆرفیمی ڕەسەنی خۆمان هەیە.

یەکەم پرسیاری ئەم بوارە شەفافیەتە. ئێمە وا دەبینین ( -ات ) لە بنەڕەتدا شەفاف نییە. لە زمانی عەرەبیدا ( -ات ) تەنها بۆ مێینە دێت ، بەڵام لە کوردیدا بۆ ( نێر )تش بەکاردێت. بۆ نموونە دەڵێین ( ئاغاوات ) . ئەمەش بە تێکدانی شەفافیەتی سیمانتیکی دادەنرێت . هەروەها لە ڕووی فۆنۆلۆژییەوە (-ات ) گۆڕانی بەسەردا دێت. نوسەرانی کورد بە وردی باسیان کردووە کە ( -ات ) دەبێتە ( وات و جات ) ( سەعید، ٢٠١٣). بۆ نموونە ( باخ ) دەبێتە ( باخات ) ، (میوە ) دەبێتە ( میوەجات ) ، (سەوزە ) دەبێتە ( سەوزەوات ) . ئەمەش بەلای ئێمەوە بۆ پاراستنی شەفافیەتە نەک تێکدانی. چونکە زمانی کوردی ڕێگا نادات دوو بزوێن بکەونە پاڵ یەک. بۆیە دەنگی [و ] یان [ ج ] زیاد دەکرێت. ( م.صادق ئامێدی ) لە ساڵی ( ١٩٨٧ )دا باسی وشەی ( وەرگیراو ) دەکات و دەڵێت ئەم وشانە دەبێت لەگەڵ یاساکانی زمانی کوردیدا بگونجێن (ئامێدی، ١٩٨٧، ل. ١٤٩). لەم ڕووەوە وا دەبینین کە ( -ات ) خۆی گونجاندووە . بەڵام کێشەی سەرەکی ئەوەیە ( -ات ) تەنها لەگەڵ چەند وشەیەکی دیاریکراودا دێت. کورد ناڵێت ( پیاوات ) یان ( کچات ) . ئەمەش واتای ئەوەیە ( -ات ) شەفافیەتی بەکارهێنانی نییە. ( هاسپێلماس ) دەڵێت : مۆرفیمێک کە سنووردار بێت شەفاف نییە (Haspelmath, 2002, p. 210). بۆیە دەشێت نمرەی شەفافیەتی ( -ات ) بە ( ٦٠٪ ) دابنێین .

دووەم پرسیاری ئەم بوارە یەکسانییە. ئێمە وا دەبینین ( -ات ) لە زۆربەی حاڵەتەکاندا واتای کۆی ناسیاوی دەدات. بەڵام هەندێکجار واتای کۆمەڵ دەبەخشێت نەک ژمارە. بۆ نموونە :؟( خەیاڵات ) واتای چەند خەیاڵێکی جیاواز نییە، بەڵکو واتای جیهانی خەیاڵە. ئەمەش تێکدانی یەکسانییە.

هەروەها ( -ات ) کێبڕکێی لەگەڵ ( ان )دا دەکات . ئێمە دەتوانین بڵێین ( باخەکان ) یان ( باخات ) . هەردووکیان ڕاستن. بەپێی ( مایەرتالەر ) ئەمە دۆخێکی ناسروشتییە ( Mayerthaler, 1981, p. 45). زمان حەز ناکات دوو فۆرم هەمان واتا بەدەستەوە بدات . داتای مەیدانی ئێمە ئەوە نیشان دەدات کە وشەکانی وەک ، ( شووشەوات و وردەوات ، باغەوات ) لە بازاڕدا زۆر بەکاردێن. ئەمە سەیرە چونکە ئەم وشانە لە بنەڕەتدا کوردین نەک عەرەبی. ئێمە پێمان وایە ئەمە بەڵگەیە کە ( -ات ) خەریکە لە زمانی کوردیدا دەبێتە مۆرفیمێکی بەرهەمهێن . ( باوەر ) دەڵێت : کاتێک مۆرفیمێک دەچێتە سەر وشەی نوێ، ئەوا بەرهەمهێنەرە (Bauer, 2001, p. 29).

سێیەم پرسیاری ئەم بوارە ئایکۆنیسیتییە. جێی سەرنجە ( -ات ) یەک بڕگەیە وەک ( -ان ) . بەڵام واتاکەی هەندێکجار لە ( -ان ) زیاترە. بۆ نموونە : ( ئیمتحانات ) واتای تەنها چەند ئیمتحانێک نییە، بەڵکو واتای سیستەمی تاقیکردنەوەش دەدات. ئەمەش تێکدانی ئایکۆنیسیتییە چونکە فۆرمەکە بچووکە بەڵام واتاکە گەورەیە .

لە کۆتاییدا دەشێ بڵێین ( -ات ) مۆرفیمێکی نیوە بەهێزە. شەفافیەت ( ٦٠٪ ) ، یەکسانی ( ٧٠٪ )

ئایکۆنیسیتی ( ٨٠٪ ) . بۆیە پێشبینی دەکرێت ، کە ( -ات ) بمێنێتەوە و نەمرێت ، چونکە لەگەڵ وشە وەرگیراوەکاندا زۆر بەهێزە . بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا نابێتە مۆرفێمێکی سەرەکی ، چونکە لەگەڵ وشەی ڕەسەنی زمانی کوردیدا کێبڕکێی لەگەڵ ( -ان )دا دەدۆڕێنێت . ئێمە پێمان وایە -ات لە داهاتوودا تەنها لەگەڵ وشەی وەک ( باخات و میوەجات و شووشەوات و باغەوات )دا دەمێنێتەوە.

**٢,٥ شیکاری مۆرفیمی ( -گەل ) :**

مۆرفیمی ( -گەل ) یەکێکە لەو مۆرفیمانەی کە زۆرترین کێشەی لەسەر هەیە . لە زۆربەی سەرچاوەکاندا باسی ئەم مۆرفیمە کراوە ، بەڵام هیچیان وەک یەک ئاماژەی پێ نادەن . بۆیە. دەمانەوێت بە پێوەری زانستی کێشە و چارەنوسی ئەم مۆرفیمە دیاری بکەین.

یەکەم پرسیاری لەم بوارەدا شەفافیەتە. ئێمە لە سەرچاوەکاندا دوو بۆچوونی جیاواز دەبینین. ( پ.د. محەمەد مەحوی ) لە ساڵی ( ٢٠١٠ )دا دەڵێت : گەل لە ڕووی سیمانتیکییەوە ڕوون و شەفافە (مەحوی، ٢٠١٠، ل. ٢٠١). ئەمەش بۆچوونێکی زۆر گرنگە چونکە (ناوبراو ) وەک شارەزایەکی وردی زمان و بواری مۆرفۆلۆژی ئەو بڕیارەیداوە . بەڵام ( پ.د. ئەوڕەحمانی حاجی مارف ) لە ساڵی ( ١٩٧٩ )دا دەڵێت : کاتێک ( گەل ) دەچێتە سەر وشەیەک کە بە ( گ ) کۆتایی دێت، یەکێک لە ( گ )ەکان تێدەچێت . (حاجی مارف، ١٩٧٩، ل. ١٥٣). بۆ نموونە( سەگ ) دەبێتە ( سەگەل ) نەک ( سەگگەل ) بێگوومان ئەمەش تێکدانی شەفافیەتی فۆنۆلۆژییە. ( م سادق ئامێدی ) لە ساڵی ( ١٩٨٧ )دا بە شێوەیەکی وردتر باسی مۆرفێمی ( گەل ) دەکات . ئەو دەڵێت : ( گەل ) لە سۆرانیدا بۆ گیاندار بەکاردێت وەک ( مێگەل ) و ( گاگەل ) ، ( ئامێدی، ١٩٨٧، ل. ١٥٠). هەروەها پشت بە بۆچوونەکانی ( م .توفیق وەهبی ) دەبەستێت لە ساڵی ( ١٩٢٩ ) کە وتویەتی لە زاری ناوەڕاستدا ( پیاوگەل ) و ( منداڵەل ) هەیە (وەهبی، ١٩٢٩، ل. ٣٩، وەک لە ئامێدیدا). لێرەدا ئەوە دەبینین کە فۆرمی ( منداڵەل ) کە( -ەل )ی تێدایە نەک ( گەل ) ، ئەمیش بەڵگەیە لەسەر ناشەفافی. ( پ.د.یوسف سەعید ) لە ساڵی ( ٢٠١٣ )دا زانیارییەکی یەکلاکەرەوە دەدات. ئەو دەڵێت : لە ئەردەڵان و لورستان ( گەل ) دەگۆڕدرێت بۆ ( یەک ) ،( سەعید، ٢٠١٣، ل. ٢٧). بۆ نموونە لە جیاتی ( برایگەل ) دەڵێن ( برایەک ) . بەلای ئێمەوە ئەمە کوشندەترین بەڵگەیە لەسەر ناشەفافیەتی گەل . چونکە کاتێک قسەکەر خۆی فۆرمەکە دەگۆڕێت ، واتە ئەو فۆرمە قورسە. بۆیە ئێمە نمرەی شەفافیەتی گەل بە ( ٤٠٪ ) دادەنێین.

دووەم پرسیار لەم بوارەدا یەکسانییە. ئێمە لێرەدا کێشەیەکی گەورە دەبینین. ( گەل ) چەند واتایەکی هەیە. یەکەم واتای کۆیە وەک ( پیاوگەل ) . دووەم واتای کۆمەڵێک نیشان دەدات ، وەک ( گەلەکۆمە ) . سێیەم واتای ڕەگەزە وەک گەلی کورد. ئەمەش تەواو پێچەوانەی پرەنسیپی یەکسانییە.

( پ. د. محەمەد مەحوی ) ئاماژە بەوە دەدات ، کاتێک دەڵێت ( گەل ) لە گرووپی وشە دروستکردندایە (مەحوی، ٢٠١٠، ل. ٢٠١). واتە ( گەل ) نەک مۆرفیمێکی ڕێزمانی، بەڵکو بەشێکە لە وشەسازی .بێگوومان ئەمەش ڕوونکردنەوەیەکی زۆر گرنگە .

( م. سادق ئامێدی ) لە لاپەڕە ( ١٩٣ )دا لیستێک نیشانە پێشکەش دەکات ، کە ( گەل ) لەگەڵ وشەکانی تر دایە وەک ( ڕان و کەر و بڕ ) ، ( ئامێدی، ١٩٨٧، ل. ١٩٣). ناوبراو دەڵێت : ئەمانە وەک وشە لە پێش ناوەکە دادەنرێن نەک وەک پاشگر. بۆ نموونە دەڵێن : ڕەقدا گورگان نەک گورگەقد. ئێمە پێمان وایە گەلیش هەمان شتە. کاتێک دەڵێین ( پیاوگەل ) ، لە بنەڕەتدا دوو وشە بووە.

گەر لەم بوارەدا و لە هەنبانە بۆرینەی مامۆستا هەژاردا بەڵگەیەکی تر دەدۆزینەوە. هەژار لە ساڵی ( ١٩٩٠ )دا وشەی ( گەل ) بە واتای کۆمەڵ و دەستە ناو دەبات و دەینوسێتەوە (هەژار، ١٩٩٠، ل. ٦١٢). ئەمەش ئەوە پشتڕاست دەکاتەوە کە ( گەل ) لە بنەڕەتدا وشەیەکی سەربەخۆ بووە نەک پاشگرێکی ڕێزمانی. کاتێک وشەیەک دەبێتە پاشگر دەبێت واتا تایبەتەکەی لەدەست بدات . بەڵام ( گەل ) هێشتا واتای کۆمەڵی ماوە و لەدەستی نەداوە . ئەمەش بەڵگەیەکی ترە لەسەر نەبوونی یەکسانی.

بەپێی ( درێسلەر ) کاتێک مۆرفیمێک چەند واتای هەبێت دەمرێت ( Dressler et al., 1987, p. 102). بۆیە ئێمە نمرەی یەکسانی گەل بە ٣٠٪ دادەنێین.

سێیەم پرسیار لەم بوارەدا ئایکۆنیسیتییە. ئێمە وا دەبینین( گەل ) دوو بڕگە بێت . ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە ( گەل ) لە ( -ان ) درێژترە. بەڵام واتاکەی لە ( ەکان )کەمترە . چونکە ( -ەکان ) ناسیاویش دەگەیەنێت بەڵام ( گەل ) ناسیاوی ناگەیەنێت . ئەمەش تێکدانی ئایکۆنیسیتییە.

هەروەها ئێمە وا دەبینین لە (گەل) لەگەڵ وشەی نوێباوەکاندا نایەت. چونکە ناتوانین بڵێین (مۆبایلگەل) یان (کۆمپیوتەرگەل). ئەمە بەڵگەیە کە (گەل) بەرهەمهێنەر نییە. (باوەر) دەڵێت: مۆرفیمی نابەرهەمهێنەر دەمرێت (Bauer, 2001, p. 15). ئەم دیاردەیە لە زمانی کوردیدا بە ( بەرتەسکبوونەوە ) ناسراوە هەر وەک کەرەمی (١٣٩٦، ل. ٤٨) ڕوونی کردۆتەوە کە ( بەرهەمهێنان جگە لەوەی بەپێی ڕۆژگار گۆڕانکاری بەسەردا دێت، لەبەر هەندێ هۆکار بازنەکەشی بەرتەسک دەبێتەوە ) و بەربەستی هاوواتایی وادەکات مۆرفیمی بەهێز ڕێگری لە لاواز بکات (کەرەمی، ١٣٩٦، ل. ٤٩ ). لە کۆتاییدا دەتوانین بڵێین گەل لەسەر هەر سێ پرەنسیپەکە دۆڕاوە. شەفافیەت ( ٤٠٪ ) یەکسانی ( ٣٠٪ ) ئایکۆنیسیتی ( ٥٠٪ ) بۆیە پێشبینی دەکەین ( گەل ) لە زمانی ئاخاوتنی ئەمڕۆدا بە تەواوی بمرێت و تەنها لە شیعر و پەخشان و وشەی وەک ( گەلەکۆمە)دا بمێنێتەوە . ئەمەش تەواو لەگەڵ بۆچوونەکانی ( پ.د. یوسف سەعید )دا دەگونجێت کە دەڵێت : لە هەندێک ناوچەدا ( گەل ) بووەتە( یەک ) (سەعید، ٢٠١٣، ل. ٢٨).

- ئەنجامەکان :

شایانی ئسماژەدانە دوای شرۆڤەی هەر چوار مۆرفیمەکە بە پێوەری مۆرفۆلۆژیای سروشتی، دەگەینە چەند ئەنجامێکی زانستی نوێ.

یەکەم: ئەم لێکۆڵینەوەیە ئەوە دەسەلمێنێت ، کە مۆرفیمی ( -ەکان ) بەهێزترین مۆرفیمە لە زمانی کوردیدا. ئەم مۆرفیمە لەسەر هەر سێ پرەنسیپی شەفافیەت و یەکسانی و ئایکۆنیسیتی نمرەی تەواوی هێناوە. بۆیە پێشبینی ئەوە دەکەین لە بیست ساڵی داهاتوودا ( -ەکان ) ببێتە تاکە مۆرفیمی کۆی ناسیاو و لەم بوارەدا بە تەواوی جێگەی ( -ان ) بگرێتەوە .

دووەم: ئەم لێکۆڵینەوەیە ئەوە دەسەلمێنێت ، کە مۆرفیمی ( -ان ) هێشتا بەهێزە بەڵام تایبەتمەند دەبێت. ( -ان ) واتای ناسیاوی خۆی لەدەست دەدات و تەنها بۆ کۆی نەناسیاوی دەمێنێتەوە. ئەمەش وای لێدەکات یەکسانی زیاتر بێت و لەگەڵ تیۆرییەکەدا بگونجێت .

سێیەم: ئەم لێکۆڵینەوەیە ئەوە دەسەلمێنێت ، کە مۆرفیمی ( -ات ) نامرێت بەڵکو تایبەتمەند دەبێت . ( -ات ) دەبێتە مۆرفیمی تایبەت بە وشەی وەرگیراو و بازرگانی وەک ( باخات و میوەجات و شووشەوات و باغەوات ) ئەمەش بەڵگەیە لەسەر بۆچوونەکانی ( هاسپێلماس ) ، کە دەڵێت مۆرفیمە وەرگیراوەکان ئەگەر شەفاف بن دەمێننەوە ( Haspelmath, 2002, p. 210).

چوارەم: ئەم لێکۆڵینەوەیە ئەوە دەسەلمێنێت ، کە مۆرفیمی ( -گەل ) بە تەواوی لە مردندایە. ئەم مۆرفیمە لەسەر هەر سێ پرەنسیپەکە دۆڕاوە . بەڵگەی ( پ. د . یوسف سەعید ) لەسەر گۆڕانی بۆ ( یەک ) لە ئەردەڵاندا (سەعید، ٢٠١٣، ل. ٢٧) و بەڵگەی ( د. محەمەد مەحوی ) لەسەر ئەوەی کە بەشێکە لە وشەسازی نەک ڕێزمان (مەحوی، ٢٠١٠، ل. ٢٠١) ئەمەش ئەوە پشتڕاست دەکەنەوە. ئێمە پێشبینی دەکەین لە داهاتوودا تەنها لە شیعر و چیرۆکدا بمێنێتەوە.

پێنجەم: ئەم لێکۆڵینەوەیە ئەوە دەسەلمێنێت ، کە زمانی کوردی بە ئاراستەی سادەبووندا دەڕوات. ئەمەش تەواو لەگەڵ تیۆری مۆرفۆلۆژیای سروشتی ( مایەرتالەر )دا دەگونجێت کە دەڵێت زمانەکان مەیلیان بەرەو سروشتیبوون هەیە ( Mayerthaler, 1981).

**- پێڕستی سەرچاوەکان**

یەکەم: سەرچاوە کوردییەکان :


١. ئامێدی، سادق بەهائەدین (١٩٨٧) ڕێزمانا کوردی کرمانجی یا ژۆری و ژێری یا هەڤبەرکری. بەغداد: دار الشؤون الثقافية العامة.

٢. توفیق وەهبی (١٩٢٩) دەستووری زمانی کوردی، بەرگی یەکەم. بەغداد: دار الطباعة الحديثة.

٣. حاجی مارف، عەبدولڕەحمان (١٩٧٩) ڕێزمانی کوردی ،ب١،مۆرفۆلۆژی،بەشی یەکەم ناو ، چاپخانەی کۆڕ ، بەغدا .
٤. سەعید، یوسف شەریف (٢٠١٣) ، وشەسازی چالاکی لیژنەی ڕێزمان. هەولێر.
٥. مەحویی، محەمەدی (٢٠١٠) مۆرفۆلۆژی و بەیەکداچوونی پێکهاتەکان. سلێمانی: زانکۆی سلێمانی.
٦. کەرەمی، سەعید (٢٠١٧/١٣٩٦) وشە ناسیی زمانی کوردی (کرمانجی ناوەڕاست). سنە: پەخشانگای زانکۆی کوردستان.
٧. مەعروف، عەبدولجەبار مستەفا (٢٠١٩) ئاگایی مۆرفۆلۆژییانە لە زمانی کوردیدا. گۆڤاری زانکۆی کەرکوک بۆ زانستە مرۆڤایەتییەکان ، بەرگی ١٤، ژمارە ٢، ل. ٤١٥-٤٣١.
٨. هەژار، عەبدولڕەحمان شەرەفکەندی (١٩٩٠) هەنبانە بۆرینە: فەرهەنگی کوردی-کوردی-فارسی. تاران: سروش.

دووەم: سەرچاوە بیانییەکان :

.٩Bauer, Laurie (2001) , Morphological Productivity , Cambridge: Cambridge University Press.

.١٠Corbett, Greville G. (2000) ,Number , Cambridge: Cambridge University Press.

.١١Dressler, Wolfgang U., Mayerthaler, Willi, Panagl, Oswald and Wurzel, Wolfgang U. (1987) , Leitmotifs in Natural Morphology , Amsterdam: John Benjamins.

.١٢Dressler, Wolfgang U. (2005) 'Natural Morphology' in Brown, K. (ed.) , Encyclopedia of Language and Linguistics , Oxford: Elsevier.

.١٣Haspelmath, Martin (2002) ,Understanding Morphology , London: Arnold.

.١٤Mayerthaler, Willi (1981) , Morphological Naturalness , Ann Arbor: Karoma Publishers.

.١٥Wurzel, Wolfgang U. (1984) , Flexionsmorphologie und Natürlichkeit , Berlin: Akademie-Verlag.